# ئایا هاوڕای لەگەڵما..!؟

خاڵەبەکر
bakeramin@hotmail.com



ڕۆشن فکر،شەرت نیە نووسەر بێت، لێ نووسەر شەرتە ڕۆشن فکر بێت،بەڕای من هەموو کەسێکیش لە ئاست خۆیدا ڕۆشنفکرە باوەڕ ناکەم کەس هەبێت خۆی بەڕۆشنفکر نەزانێت، هەر کەسەو بەگوێرەو توانای چۆنێتی شی کردنەوەی خۆی سەبارەت بەهەڵسەنگاندنی ئەو ڕووداوانەی کەڕوو دەدەن، لێ ڕۆشنفکرێتی ئەم جۆرە کەسانە لە مەجالێکی تەسك و داخراودا گوزارشتی لێوە دەکرێت ،چونکە خستنە ڕووی شی کردنەوەی ڕووداوەکە یان تەنها لەئەندێشەو هزری خۆیدا بێنەوبەرەی پێ دەکات یان لەسنووری خێزانەکەیدا ، ئەم ڕۆشنفکریەش ئەوە ناگەێنێت بڵێین خاوەن مەتڵەب(شیکار) هیچی بەهیچ نەکردبێ، گرنگیەکە لەوەدایە هەستی بەوە کردوە کە گۆڕانکاریەکی چ ئیجابی بێت یان سلبی لەگۆڕێدا هەیەو شایەنی ئەوەیە تەرح بکرێت و گفتوگۆی لەسەر بکرێت، لە گەڵ ئەوەشدا خەڵکان هەن دنیا هاڕەی بێت خۆی ناکات بەساحێبی، بیشیدەی بەگوێیدا بە(موشکیلەی من نیە..!) وەڵامت ئەداتەوەو زۆر بەکورتی لەگەڵتا دەیبڕێنێتەوەو تۆش بۆت نیە ئیجباری بکەیت گوێت بۆ ڕادێرێ.

بێ گومان نوسەریش جۆری هەیە،نوسەرمان هەیە توندڕەو بڕوای بەهیچ ئایدیایەك نیەو هەمیشە حەزو ئارەزووی ئەوەیە تەڕو ووشك بخاتە سەر یەك ئاگر، نوسەریشمان هەیە قەڵەمەکەی دەروێش ئاسا پرچی لێ بەرداوەتەوەو حەی ئەلایەتی تەنها لە پێناو گلاندنی پارووی چەورداو داپۆشینی عەیب و عاری تەریقەتەکەی، نوسەریشمان هەیە میان ڕەوانە حەزو ئارەزووی ئەوەیە تای تەرازوەکە وەك خۆی ڕابگرێت، نوسەریشمان هەیە جەریئانە دەست نیشانی هەڵەو چەوتێکان ئەکات و ڕێنمایی و ڕێگەچارەکانی خۆی ڕاست و دروست دەخاتە بەردەمی لایەنی مەعنی دوور لەتانەو تەشەرو سوکایەتی پێ کردن، نوسەریشمان هەیە بەزۆری زۆرداری خۆی کردوە بەنووسەرو لەهەموو لوتێکا مووە.

لەم ڕوانگەیەوە ئەو ڕوداوانەی کە پێش ڕوداوەکەی هەڵەبجە ڕوویداوە مانای ئەوە نیە گەرماوگەرم قسەوخواس و باسی لەسەر نەکرابێت، هەر یەك لەو نوسەرانەش کە جۆرەکانیت خوێندەوە لەڕوانگەی دیدی خۆیانەوە ڕاوبۆچونەکانییان ئاڵوگۆڕۆکردوەو بەش بەحاڵی خۆم ئەوەی بەر چاوم کەوتبێت چ لە ڕۆژنامەو سایتەکاندا خویندومنەتەوە.

هەندێ نووسەر زۆر خۆش حاڵ و شاگەشکەیە بەو ڕووداوەی هەڵەبجە، هەندێکیش ڕاشکاوانە سەرزەنشتی دەسەڵات دەکات، هەندێکیش بەجیهادی دائەنێت وئاگر تێ بەردانی مۆنۆمێنتەکەی بەحەڵاڵ وەسف کردوەو بەتێکشکانی (هبل و لات و عزای)چواندوە.

ئێمە دەبێت لە ڕێی ڕەخنەگرتنی شیاوەوە ئەو کەم و کوڕیانەی کە چەندین ساڵە لێفەی پێدا دراوە لێفەکەی لەسەر هەڵدەینەوە، مەحاڵە لە هەموو ڕوداوێکا هەموو ڕێپێوەران تۆمەت بار بکەین و بە ئاژاوەگێڕیان بزانین، بەڵکو زووربەی هەرە زۆریان تامەزرۆی چاکسازی و بنبڕکردنی گەندەڵی ونەهێشتنی گەندەڵی ئیداری و گەندەڵی چۆنێتی بەڕێوەبردنی حوکمڕانی و نەهێشتنی ئینسانی ناشایستەش لە شوێنی شایستەوشیاودا،ئەمانە هەمووی سەرەتاییترین ماف و دواکاریەکانی تاکی کوردە بۆ فشار خستنە سەر دەسەڵات بۆ جێ بە جێکردنیان و دابین کردنی داواکاریەکانیان کە لە تەندروستی و بوونی ئاوو کارەبادا خۆی دەبینێتەوە،سەرەڕای بەگەڕخستنی ئەو خزمەتگوزاریانەی کە لەئەستۆی شارەوانیدایە، لەهەموشی سەیرتر ئەوەیە دوای چەند ڕۆژێکی هەموو ڕوداوێك مەسئولێك خۆی دەگەێنێتە شوێن ڕووداوەکە بەخاتری هێورکردنەوەی باری نائاسایی ناوچەکە، پاش فڕێدانی هەندێ مخابن و گللەیی و گازندە، هەر لەوێدا بڕیاڕێکی سەرف کردنی چەند ملیۆن دولارێك بۆ خزمەت گوزاریە ئینسانیەکان دەردەکات، لەڕاستیدا ئەمە خۆی لەخۆیدا دەلالەت لەوەدەکات کە حکومەت لەپلانی ساڵانەیدا ئەو ناوچەیەی فەرامۆش کردوە، دەنا چۆن بڕیاری تەرخان کردنی بودجە لەویدا دەدرێت..؟ ئایا ئەم بودجەیە بودجەی تاکەکەسی لێپرسراوەکە خۆیەتی یان لەلایەن حوکمەتەوە تەفویزو سەرپشك کراوە..؟ئایا گەر لەلایەن حوکمەتەوەیە کاریگەری ناکاتە سەر پرۆژەخزمەت گوزاریە بڕیار لەسەردراوەکانی تری کوردوستان..؟وەئایا کاریگەری ناکاتە سەر بودجە تەرخان کراوەکانی خزمەت کردنی عەشایرەکان..؟وەئایا لە شانزەی سێی ئایندەدا هەڵەبجە دەبێت بەشایستەترین شارۆچکەی نەمران.